# پڕۆژەیاسای بنەڕەیتیی مافەکانی قوربانیان

لێژنەی تاوان و کەتنی پێنسیلڤانیا، Pennsylvania Commission on Crime and Delinquency   3101 N. Front Street, Harrisburg, PA  17110

بۆ زانیاریی زۆرتر لەبارەی مافەکانی تری قوربانیان، تکایە پەیوەندی بکە بە داواکاری گشتیی ناوچە لە ناوچەی دادوەریت یان بەرنامەی خزمەتەکانی قوربانیانی PCCD، بە ژمارە تەلەفۆنی 1-800-692-7292.

## قوربانیانی تاوان ئەم مافانەی خوارەوەیان هەیە:

**لە تاوانەکانی** برینداربوونی شەخسی دا کە کسێکی گەورەساڵ سزا دەدرێت بە مانەو لە ناوەندێکی ئیسلاحی خۆجێیی بۆ:

- وەرگرتنی ئاگاداریی ڕۆژی ئازادکردنی کەسی گەورەساڵ، لەوانە ئازادکردن بۆ چوونەوە سەر کار، مۆڵەتی سەردان، ئازادیی بەمەرج، ئازادکردن لە کەمپی ڕاهێنان یان ناوەندی چارەسەرکردنی کۆمەڵایەتی؛ و
- ئاگادارکردنەوەی دەستبەجێ لە هەڵهاتنی کەسی گەورەساڵ و دەستگیرکردنی دوای ئەوە.

**ئەگەر**، لەسەر داوای قوربانیی برینداربوونێکی شەخسی کە گەنجێک ئەنجامی داوە، فەرمان بدرێت کە گەنجەکە لە شوێنێکی نیشتەجێبوون، ناوەندێکی پەنادان یان ناوەندێکی دەستبەسەرکردن جێگیر بکرێت، بۆ:

- ئاگادارکردنەوە لەپێشەوە لە ڕۆژی ئازادکردنی گەنجەکە، لەوانە مۆڵەتی ئازادیی کاتی یان مۆڵەتی سەردانی کاتی بۆ ماڵەوە.
- ئاگادارکردنەوەی دەستبەجێ لە هەڵهاتنی کەسی گەنج، لەوانە نەگەڕانەوە دوای مۆڵەتی ئازادیی کاتی یان مۆڵەتی سەردانی کاتی بۆ ماڵەوە؛ و ئاگادارکردنەوەی دەستبەجێ لە دەستگیرکردنی گەنج.
- ئاگادارکردنەوە لە گواستنەوەی گەنجێکی مەحکووم بە کەتنکردن لە ناوەندێکی جێگیرکردن کە پێچەوانەی بڕیارێکی پێشووی دادگا یە یان پلانێکی جێگیرکردن کە لە جەلەسەی پێداچوونەوەی دۆخی گەنجەکە دا پەسەند کراوە و هەروەها پێدانی دەرفەت بۆ ئەوەی بەرلە ئازادکردن یان گواستنەوەی گەنجەکە نارەزایەتیی نووسراو پێشکەش بکات.

**بۆ پێدانی** ئاگاداریی دەستبەجێ لەبارەی ئازادبوونی گەورەساڵێک بە کەفاڵەت، ئەگەر فەرمانی پاراستن لە بەدکاری دژی ئەو گەورەساڵە دەرکرابێت و ئەو کەسە ناچار کرابێت بە مانەوە لە ناوەندێکی ئیسلاحی خۆجێیی، بەهۆی پێشێلکردنی فەرمانێک یان بەهۆی ئەنجامدانی تاوانێکی برینداركردنی شەخسی دژی قوربانیەک کە بەپێی فەرمانەکە پارێزراوە.

**بۆ وەرگرتنی** ئاگاداری ئەگەر کەسێکی گەورەساڵ ناچار کراوە بە مانەوە لە ناوەندێکی سەلامەتی دەروونی لە دەزگایەکی ئیسلاحی ویلایەتی و هەروەها وەرگرتنی ئاگاداری لەبارەی ئازادکردن، گواستنەوە یان هەڵهاتنی کەسێکی گەورەساڵ لە ناوەندێکی سەلامەتی دەروونی.

**بۆ ئەوەی** ئاگادار بکرێیتەوە لە دۆخی کۆتایی کەیسی گەنجێک.

### مافە یاساییەکانی تر

**بۆ ئامادەبوون** لە کاتی جێبەجێکردنی سزا، بە مەرجێک پاڵپشتی قوربانی، لە نووسینگەی پاڵپشتی قوربانی، ناوی قوربانیی تۆمار کردبێت و هەڵبژاردبێت.

**بۆ ئامادەبوون** لە جەلەسەکانی دادگاییکردن، لەوانە دادگاییکردنی تاوانی کوشتن، و مافی بێبەشنەبوون لە ئامادەبوون لە جەلەسەکانی دادگا، ئەگەر قوربانی لە کاتی حوکمدان دا زانیاری پێشکەش دەکات.

**هەرکات** قوربانیی تاوانی برینداركردنی شەخسی داوا بکات کە دەرفەتی پێ بدرێت لێدوانێکی نووسراو پیشکەش بکات یان بە شێوەی زارەکی شایەتی بدات لە دانیشتنێکی لێکدانەوەی بارودۆخ دا، بۆ ئەوەی دادگا لە کاتی پێداچوونەوەی بارودۆخی تاوانکاری گەنج دا لە بەرچاوی بگرێت و لێکی بداتەوە.

**گەڕاندنەوە**، ئەوەندەی مومکین بێت، بۆ دۆخی ئابووریی بەرلە تاوان لەڕێگەی پێدانەوە، قەرەبووکردنەوە و خێراگەڕاندنەوەی مڵک و ماڵی دەستبەسەرداگیراو وەکوو بەڵگەی کەیسەکە، دوای ئەوەی کە داواکاری گشتی ڕایدەگەیەنێت کە چیتر بەڵگەکە پێویست نیە بۆ دادڕەسیی کردنی کەیسەکە.

**لە تاوانەکانی برینداربوونی شەخسی** دا کە کسێکی گەورەساڵ سزا دەدرێت بە مانەو لە ناوەندێکی ئیسلاحیویلایەتی بۆ ئەوەی:

- پێدانی دەرفەت بۆ ئەوەی بەرلە حوکمدان لێدوانی خۆی پێشکەش بکات و هەروەها بڕیارەکانی ئازادکردنی بەرلە حوکمدان بەپێی یاسای ویلایەتی وەربگرێت، لەوانە ئازادکردن بۆ چوونەوە سەر کار، مۆڵەتی سەردان، ئازادیی بەمەرج، بەخشین، یان  ئازادکردن لە ناوەندی چارەسەرکردنی کۆمەڵایەتی.
- پێدانی دەرفەت بۆ ئەوەی ئاگادار بکرێتەوە و بۆچوونی خۆی پێشکەش بکات سەبارەت بە پێشنیاری فەرمانگەی ئیسلاح بۆ ئەوەی کە تاوانکار لە کەمپێکی ڕاهێنانی ورەبەخش دا بەشداری بکات.
- ئاگادارکردنەوەی دەستبەجێ لە هەڵهاتنی کەسی گەورەساڵ و دەستگیرکردنی دوای ئەوە.

**هەرکات** قوربانیی تاوانی برینداركردنی شەخسی داوا بکات، کە ئاگادار بکرێتەوە لە کۆتاییهاتنی پڕۆسەی دادگایی.

**بۆ وەرگرتنی** یارمەتی بۆ ئامادەکردن، پێشکەشکردن و بەدواداچوونی داواکانی قەرەبووی قوربانیی تاوان لای نووسینگەی خزمەتەکانی قوربانیان.



**بۆ وەرگرتنی** زانیاریی بنەڕەتی لەبارەی ئەو خزمەتانەی کە بۆ قوربانیانی تاوان هەن.

**ئاگادارکردنەوە** لە هەندێ کار و هەنگاوی تایبەت سەبارەت بە کەیسەکەیان، لە چوارچیوەی سیستمی دادوەریی تاوان و گەنجان دا. ئەمە بریتیە لە هەموو ئەمانەی خوارەوە:

- دەستگەیشتن بە زانیاری سەبارەت بە ئەوەی کە ئایا گەنجەکە لە دوای دەستگیرکردن دەستبەسەر کراوە این ئازاد کراوە و ئایا سکاڵای کەتنی گەنجان تۆمار کراوە.
- ئاگاداریی بەپەلەی سەبارەت بە هەڵهاتنی گەنج بەرلە حوکمدان لە ناوەندی دەستبەسەرکردن یان سەرپەنا و دەستگیرکردنی دوای ئەوە.
- دەستپێگەیشتن بە زانیاری سەبارەت بە پێبەخشین و بێبەشکردنی گەورەساڵێک لە ئازادکردنی بەکەفاڵەت.
- ئاگاداریی بەپەلەی سەبارەت بە هەڵهاتنی تاوانکاری گەورەساڵ بەرلە دادگایی لە ناوەندی ئیسلاحی خۆجێی و هەرچەشنە دەستگیرکردنی دوای ئەوە.

**لەگەڵدابوونی** ئەندامێکی خێزان، پشتیوانێکی قوربانی یان کەسێکی تر کە یارمەتی و پاڵپشتی پێشکەش دەکات، لە هەموو پڕۆسەی دادگاییکردنی تاوان یان تەمێکردنی گەنجی کەتنکار دا.

**لەو کەیسانە دا** کە تاوانی برینداركردنی شەخسی یان تاڵانکردنی ماڵ ڕوو دەدات، لەپێشەوە ڕاگەیاندنی بۆچوون بە نووسینگەی داواکاری گشتی یان نووسینگەی چاودێریی گەنجی کەتنکار، بەپێی بارودۆخی کەیسەکە، سەبارەت بە ئەگەری کەمکردنەوە یان لابردنی تۆمەتێک یان گۆڕینی داوای یاسایی لە کەیسێکی تاوان یان کەتنکاری دا، یان هەرچەشنە گۆڕینی کەیسەکە، لەوانە هەموارکردنی غەیرەفەرمی یان حوکمی سازش.

**بۆ پێدانی** دەرفەتی پێشکەشکردنی لێدوان لەپێشەوە سەبارەت بە حوکمدانی داواکراوێک یان سەبارەت بە دۆخی منداڵێکی کەتنکار، بۆ پێشکەشکردن و لەبەرچاوگرتنی بەیاننامەی کاریگەریی قوربانی بە شێوەی نووسراو یان زارەکی کە تێدا وردەکاریەکانی کاریگەریی جەستەیی، دەروونی و ئابووری تاوانەکە لەسەر قوربانی و خێزانی قوربانی باس کرابێت.  هەرجۆرە وتەیەکی نووسراوە دەبێت بخرێتە نێو هەموو ئەو گوزارشانەی بەرلە دیاریکردنی بارودۆخ یان بەرلە حوکمدان کە دەدرێنە دادگا. لە کاتی دیاریکردنی دۆخی گەنجێک یان حوکمدانی گەورەساڵێک دا، پێویستە دادگا بەیاننامەکانی کاریگەریی قوربانی لە بەرچاو بگرێت.

**بۆ ئاگاداربوون** و لێدوان‌دان لەپێشەوە لەبارەی پێشنیارێکی دادوەری بۆ ئەوەی داواکراو لە کەمپێکی ڕاهێنانی ورەبەخش دا بەشداری بکات.

## پرسیار سەبارەت بە قەرەبووکردنەوەی قوربانیان؟

### بەخششی بەپەلە چیە؟

لە هەندێ بارودۆخی تایبەت دا، بەخششی بەپەلە هەتا 1500 دۆلار ڕەنگە لە بەرچاو بگیردرێت.

### تاوانەکانی ایبەت بە ئۆتۆمبیل یان بەلەم و کەشتی کە شیاوی قەرەبووکردنەوەن.

بەڵێ. ئەمانە سنووردارن و بریتین لە DUI، هێرشی توند لە کاتی DUI، مرۆڤ‌کوشتن بە ئۆتۆمبیل لە کاتی DUI، لێدان و هەڵهاتن، و مرۆڤ‌کوشتن بە ئۆتۆمبیل و کردارگەلێک کە لە چوارچێوەی کۆمەڵە قانوونی تاوان دا تاوانن، وەک تاوانی کەمتەرخەمی.

### بوودجەی ئەم بەرنامەیە چۆن دەدرێت؟

یاسای قوربانیانی تاوان لە پێنسیلڤانیا کە لە ساڵی 1976 لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانی ویلایەتیەوە پەسەند کرا، سندووقێکی دروست کرد و هەندێ ڕێنمایی شیاوبوونی دانا بۆ ئەوەی هەندێ یارمەتی دارایی بدرێت بە قوربانیان. ئەم سندووقە پێک هاتووە لە ئەو سزا نەختیانەی کە بۆ کەسانی مەحکووم بە ئەنجامدانی تاوانێت دیاری دەکرێن. لە داهاتی باجی گشتیی ویلایەت کەڵک وەرناگیردرێت، کەوایە، موحکوومینی تاوان پاڵپشتی لە بەرنامەیەک دەکەن کە خزمەتی قوربانیانی ئەوان دەکات.

### مەبەست لە سەرچاوەی تر چیە؟

پارەکە بە بڕەپارەی هەر سەرچاوەیەکی تر کەم دەکرێتەوە. هەندێ لەوان بریتین لە ئەمانەی خوارەوە:
بیمەی تەندروستی یان ژیان، بەخششەکانی سکاڵا مەدەنیەکان یان بیمە، یارمەتیی پزیشکی، مێدیکەیر، بیمەی کەمئەندامی، قەرەبووی کرێکاران، یان ئاسایشی کۆمەڵایەتی.

### ئایا پێویستە بەرلەوەی کە پارەی قەرەبوو بدرێت، هێرشکەر دەستگیر بکرێت یان حوکم بدرێت؟

نە. بۆ ئەوەی ئیدعایەک تۆمار بکرێت پێویست ناکات تاوانکاری ئیدعاکراو لێپێچینەوەی یاسایی لێ بکرێت. بەڵام، قوبانی/سکاڵاکەر دەبێ لەگەڵ دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردنی یاسا دا هاوکاری بکات لە پڕۆسەی لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوەی تاوانکار دا، ئەگەر ناسراوە.

**قەرەبووکردنەوەی**
**قوربانیان**
**1-800-233-2339**

### چ خەرجیگەلێک نادرێتەوە؟

سندووق بۆ ئەم شتانەی خوارەوە قەرەبووی قوربانیان ناکاتەوە:
- ئێش و ئازار
- مڵک و دارایی دزراو یان زیانپێگەیەنراو بێجگە لە لەناوچوونی ئامێرگەلی پزیشکی لە ئاکامی تاوانەکە دا.

### ئیدعای یاسای چۆن لە بەرچاو دەگیردرێت؟

دوای لێکدانەوەی هەموو زانیاریەکانی نێو داواکاریەکە، قوربانی/سکاڵاکەر ئاگادار دەکرێتەوە کە ئایا شیاوی قەرەبووکردنەوە یە یان نە. ماوەی پێویست بۆ گەیشتن بەم بڕیارە بەپێی ڕادەی ئاڵۆزیی کەیسەکە جیاوازە. کۆپیەک لە بڕیارەکە بە پۆست دەنێردرێت بۆ قوربانی/سکاڵاکەر. ئەگەر داواکە ڕەت بکرێتەوە، هۆکارەکەی بۆ قوربانی/سکاڵاکەر ڕوون دەکرێتەوە، و هەروەها پڕۆسەی داوای تێهەڵچوونەوەی بۆ ڕوون دەکرێتەوە.

### ئەی ئەگەر سەرچاوەیەکی تر بتوانێت تێچووەکان بدات، چۆن دەبێت؟

سندووقی قەرەبووی قوربانیانی تاوان «وەکوو دوایین ڕێگەچارە دەبینرێت.» بەرلە بەکارهێنانی سندووق دەبێ هەموو سەرچاوەکانی تر بە کار بهێنرێن.

qxd 03/06